ئیبراهیم هەورامانی



# هێشتا کات ماوە بۆ خۆشویستن



دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات



ئیتر من ناچم

بۆ شوێنە دورەکان.

ناچم بۆ سینە ما ..

ناچم بۆ فێرگە ی موزیك

ناچمە کافتریایەك و

قاوە یە کی گە رم گە رم ناخۆمە وە.

بە خودا دهڵێم:

گە ورە م لێم ببورە،

نایە م بۆ ماڵەکەی تۆ.

بەڵێن دەدەم …

تا خواری کۆڵانەکەی خۆمان نەڕۆم..

دەزانی ئەگەر لێرە، کەمێك ئەولاتربچم

توشی ژانەسەر دەبم، ددانەکانم دەدەنەژان

دڵم تێك هەڵدێ

لەتاو ئازاری ئەژنۆ

هەنگاوێکم پێ هەڵنایە.

چاوەکانم توشی تەراخوما دەبن…

دەست بەپژمین دەکەم

دەزانی ئەگەر، لێرەبڕۆم.

پێدەچێ.

ئەستێرەکان لەئاسمان بکەونەخوارەوە.

مانگ بۆ ئەبەد هەڵنەیەت.

خۆر لەکەل سەر دەرنەهێنێ

گۆی زەوی ببێت بەسێ لەتەوە

پێدەچێ، زۆر شتی تریش ڕوبدات..

زۆر شتی تر.

بەڵێن دەدەم، هیچ کاتێك نەبەیانیانێکی زوو

نەخۆر کەوتن، نەکاتەکانی نیوەڕۆ

نەپێش عەسر و نەکاتی بانگی شێوان

هیچ، هیچ کاتێك

بەڵین دەدەم، چیتر لێرەدورنەکەومەوە.

نەبا منداڵە چەتونەکانی گەڕەك

ژنەکان، ئەوانەی زۆرترین کات

لە بەردەرکی،

ماڵیك لەماڵەکانی کۆلاندا

لە دەوری یەك کۆدەبنەوەوە

فریای باسکردنی هەموو عالەم دەکەون.

با پیاوەسمیڵ ڕەشەکان

ئەوانەی هەمیشە دەموچاو مۆن و

تورەو بەقسەن.

با نەزانن کتێبی شیعر دەخوێنمەوە.

بەتایبەت ئەو کتێبە شیعرانەی

زۆرترین شیعریان بۆ
پرچی ڕەش و باڵای بەرز و
چاوی گەشن.
هەروەك بڵێ ی تەواوی ئەو شاعیرانەتۆ دەناسن
تۆ دەناسن و منیش دەناسن.
تەنیامن و
تۆ و
ئەو شاعیرانە دەزانین
من و  تۆ یەکمان خۆشدەوێ.
دەزانی من لەباوکیشم دەترسم، دەترسم باوکم بزانێ
زیاتر لەوەرزی بەهار،
لە دیمەنی،
لە شەقەی باڵدانی پۆلێ کۆتری شینکە.
لەدەنگی قاسپە، قاسپەی کەو.
لەهاژەهاژی گوێ چەم.
لە لورەی بای،
نیوە شەوان.
لە خوڕەی بارانی شەوی زستان
لە دیمەنگەلێکی تر
بەهاتنی تۆ، دڵم دەکرێتەوە .
دەزانی، ئەگەر باوکم بزانێ

لەبری خوشکەزاکەی
دڵم بەتۆ دەکرێتەوە.
جەهەنەمێکم بۆ ساز دەدا.
بەڵێن دەدەم
لێرە دور ناکەومەوە، لێرە،لەم شارە، دەبمەباخەوان.
شار پڕ دەکەم
لە باخچە.
باخچەکان پڕ دەکەم
لەگوڵەشەو بۆ وگوڵەمینا و
گوڵەمێخەك و
گوڵەباغی ڕەنگاو ڕەنگ.
هەر بە وێنەی باخچەکانی بەهەشت.
لێرە، لەم شارە،
دەبمەخۆشنوسێکی شەرمن
دیواری تەنیشت و
بەرامبەر دوکانەکەم ،
پڕ دەکەم لەحەرفەکانی شیعر،
ئەو شیعرانەی، بۆتۆم دەنوسین و
شەوانە لەژێر پەتوەکەمدا
لەگەڵ خۆمدا دەم خەواند.
لەم شارەدەمێنمەوە،

دەبمەبۆیاخ چی.

ماڵ بەماڵی شار ڕەنگ دەکەم

ڕەنگی شین و

ڕەنگی کاهی و

ڕەنگی خۆڵەمێشی و

ڕەنگی سور ...

سور، سور

وەك ڕەنگی ئەو سوراوەی

تامی گێلاسی شیرین دەدات.

بیرتە، جارێك نازانم چۆن بوو!

ماچێکم کردیت و دەمم پڕبو لە گێلاس.

ئای لەتامی ئەوگێلاسە

چەند شیرین بوو.

شیرین !

هەرگیز گێلاسی هێندە شیرینم نەچەشتوە.

نازانم مەلاکانی مزگەوت ڕاست دەفەرمون:

ئەو گێلاسە شیرینە تەنها لە باغەکانی بەهەشت دا هەیە.

دەزانی، ئەگەر لێرە بڕۆم...

نامە نوسین و گوێ لە موزیك گرتنم بیر دەچێتەوە.

ئەو جارەش،لەخەونێکمدا، تۆ لێرەبویت و

من کەمێك ئەولاتر ڕۆشتم.



ئەولاتر واتە،

بیرەقوڵەکانی جەهەننەم

ئەو بیرانەی، مەلا ڕیش سپیە درێژە کەی گەڕەك

خوشکە جحێڵەکەمی، پێ دەترساند.

ئەیوت: هێی جەحێڵە،

لادانی خەتی قژ  حەرامە،

وای لەوانەی فێرەحەرام دەبن.

لەو بیرەقوڵانەی جەهەنەم،کەس دەنگییان نابیسێ.

بیرم کەوتەوە، لەو خەونەدا

هەموو شتێکم بیر چوبویەوە، تەنانەت ناوی دایکیشم.

دەزانی، ئەگەر من لێرە بڕۆم،

وەك قوتابیەکی تەمەڵ، لەوانەی بیرکاریدا.

ناتوانم ئە وپاسارییانە بژمێرم

بەر لەهاتنی تۆ،

لە حەوشەکەماندا دەکەونە جریوەجریو.

کاتێك ئەو پاسارییانە دەجریوێنن

مەگەر خودا بزانێت، چەند دڵخۆشدەبم و

چەند دڵخۆشم.

گەر لێرەبڕۆم، زۆر شتم بیر دەچێتەوە،

وەك ئەو منداڵەی،

بەیانیانێکی رۆژی شەممە

لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا

مامۆستا پێی دەڵێ: سرودێ بڵێ

بیری دەچێتەوە،

بڵێ:

خوایە وەتەن ئاوا کەی ؟

چەند دڵگیر و شیرینە.

خودایە لەبەرکەس نا

لەبەر من،

ئەم وەتەنە ئاوەدان کە؟

چەند دڵگیر و شیرینە.